Komala Party - Iranian Kurdistan
Committe in Finland

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی فینلاند

# بەشداری ڕێکخراوی کۆمەڵە لە فینلاند
# لە مەراسیمی ٣٣مین ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان

ڕێکخراوی کۆمەڵە لە فینلاند لەڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٧،٦،٢٠٠٨ بە بۆنەی ٣٣ یەمین ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانەوە، بەشداری لە شەوئاهەنگێکداکردکە لە لایەن بەرپرسانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە ڕێکخراوی فینلاند و بە بەشداری خەڵک و پارت و ڕێکخراوە سیاسی و مەدنیەکان، بەڕێوە چوو.

ئاهەنگەکە سەرەتا بە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ یادی شەهیدان و پاشان بە خوێندنەوەی سرودی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد. بەشی یەکەمی شەوئاهەگەکە بۆ خوێندنەوەی بروسکە و پەیامی پیرۆزبایی تەرخان کرابو کە لەوێدا پەیامی ڕێکخراوی کۆمەڵە لە فینلاند لە لایەن هاوڕێ لوقمان نەجاڕی‌یەوە خوێندرایەوە. لە پەیامەکەدا، دوای پێرۆزبایی لە یەکیەتی نیشتمانی ئاماژە بەوە کرابوو کە: یەکیەتی نیشتمانی کوردستان وەک هەمیشە نیشانی داوە کە پارێزگاری لە مافی گەلی کوردستان دەکا و ئەو سەرکەوتنانەی تا ئێستا بە دەست هاتووە بێ گومان مۆری یەکیەتی پێوە دیارە و لە مە بەدواوەش چاوەڕوانی ئەوەمان لە یەکیەتی هەیە کە بۆ پاراستنی ئەم سەرکەوتن و پێشکەوتنانە کە بێگومان بێ قوربانی‌دان دەستیان نەداوە، پتر لە جاران هەوڵ بدات وەک هێزێکی دیموکرات و ئازادی خواز پارێزەر و پەرەپێدەری مافە دیموراتیکەکان لە کوردستانی ڕزگار کراودا بێت و بۆ بە ئەوڕۆیی بوونی کوردستان لە هەموو بورەکاندا هەوڵ بدات و تێبکۆشی وەک هەمیشە، وڵات و حوکومەتێکی شیاوی سەردەم لەم ناوچەیەدا بەرقەرار بکرێت و بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پیرۆزانە، کۆمەڵەش خۆی بە پشتیوانی ئێوە و خەڵکی کوردستان دەزانێ.

بەشوێن تەواو بونی ڕێوڕەسمەکەدا هەیئەتی بەشداربوی کۆمەڵە لەلایەن بەڕێوەبەرانی مەراسیمەکەوە بەگەرمی بەڕێکران.

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**کومیتەی ڕێکخراوی فینلاند**






**Web:** www.komala.org
**E-mail:** komalafi@yahoo.com

**Mobile:** (00358) **047604921**